گفتوگۆی عەبدوڵای موهتەدی

سەبارەت بەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە

بەڵێ، ئامادەین گفتوگۆی لەگەڵ بکەین، ئەمریکا هێزێکی گەورەی گۆڕانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوژمنی دوژمنەکەی ئێمەشە.. ئێمە ئامادەین گفتوگۆی لەگەڵ بکەین بەکوێ دەگەین جارێ پێشبینیەکەی پێش وەختە

■ عەبدوڵای موهتەدی

کوردی ئێران وەک کوردی پارچەکانی تر، ناتوانێ بەتەنیا ئەو گۆڕانکاریە بکات، ئەگینا بۆ ڕاپەڕینیش ئامادەیە، گەر بارودۆخەکە لەبار بێت، واتا ئامادەی ئەوەی هەیە، دیاردەکان وامان نیشان دەدەن، جموجۆڵی سیاسی زۆرە لەکوردستانی ئێران، جموجۆڵی رۆشنبیری زۆرە، هەر شتێکی بچوک دەکرێت بەبیانویەک بۆ ئامرازێک تا نارەزایی قوڵپ بدات، کورد مەحتەلی هەلە لەکوردستانی ئێران

■ عەبدوڵای موهتەدی

ئێران بەزەرفیەت و تواناکانی خۆی کارناکات، بچۆ ئامار وەربگرە بزانە چەند دەتوانێ بەرهەم بهێنێ، بەڵام چەند بەرهەم دەهێنێ، کەم جێگا هەیە لەژێر زەرفیەت و توانستی بەرهەمهێنانی خۆیدا بێت

هەموو کەس دەزانێ ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی دێ، هەر کەس کلاسیکی لەسیاسەت خوێندبێ و پۆلی یەکەمی تەواو کردبێ، دەزانێ کەئەمریکاش و خەڵکی تریش بۆ بەرژەوەندی خۆیان دێن هەرواش کار دەکەن.. بەڵام من لەو بڕوایەدام کە چەپ دەبێ هەڵگری پرۆژەی دیموکراسی بێ لەئێران.. لە مەسەلەی کێشەو ناکۆکی نێوان ئێران و رۆژئاوا دەبێ نوکی تیژی رەخنەی سیاسی خۆی بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا بدا